عێراق ئامادەکردنی ستراتیژییەک بۆ هاکشانی 10 ملیۆن گەشتیاری بیانی دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە، دەستەی گەشتوگوزار، ئامادەکردنی ستراتیژییەک بۆ هاکشانی 10 ملیۆن گەشتیاری بیانی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانی ئاشکرا کرد.

عەلی یاسین، وتەبێژی فەرمیی دەستەکە لە لێدوانێکدا کە ئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە هایگیاند: "ستراتیژی نیشتمانی بۆ گەشتوگوزار کە پشتر تا ساڵی 2035 بوو، نوێکراوەتەوە بۆ ساڵی 2045، و سەرجەم شوێنەوار و ناوچە کەلەپووریییەکانی گرتووەتەوە، لەگەڵ پێوەکردنی پرەنسیپی بەردەوامی لە نەژینکردنەوە و چاککردنیاندا، هەندێک جاریش سوود لە شارەزایی وەاتە پشکووتووەکان لەم بوارەدا وەردەگیرێت، بەهۆی هەستیاریی کارکردن لە شوێنەوارەکان و پێویستی پاراستنی ناسنامە مێژووییەکەیان."

ئاماژەی بۆش کرد کە "لە ئێستادا چەندین شوێنەواری گرنگ لە ژێر پەسەی نەژینکردنەوەی بەردەوامدان، لەوانە: عەقەرقووف، کشکی عەباسی و تاقی کیسرا"، هوونیشیکردەوە کە "کارەکانی نەژینکردنەوەی مۆزەخانەی عێراقی لە 10ی تەممووزەوە دەستپێکردووە، وەک ئامادەکارییەک بۆ دووبارە کردنەوەی لە ماوەی داهاتوودا."

یاسین باسی لەوەش کرد کە "ستراتیژییەکە بە هاوکاری هەکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی ئامادەکراوە، و

ئامانجی ڕاکێشانی 10 ملیۆن گەشتیاری بیانییە تا ساڵی 2035 بۆ سەردانی شوێنوار و ناوچە کلتوریپوورییەکانی عێراق."

جەختیشی کردەوە کە "کەرتی گەشتوگوزار هووبووی چێندین ئاستەنگ دەبێنێوە، لە سەروویانەوە پێویستی بە یاسای هاوچەرخ کە لەگەڵ گەشەسەندنی جیهانیی ئەم پیشەسازییە بگونجێت، هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری بە کوالێتی بەرز و ئاسانکاری لە ڕێکارەکانی پێدانی ڤیزا"، جەختیشی کردەوە کە "گەشتوگوزار ئاوێنەی پێشکەوتنی دەوڵەت و ڕێنگدانەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و ژیرخانکێیەتی."